ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢٣ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١ Data:

# بڕیاری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٦) ئەندام، بەمەبەستی هاندان و پاراستنی بەرووبوومی ناوخۆیی و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیی لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدایە:

١. بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦) بڕگەکانی ٦ و ٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، زیادکردنی باجی گومرگ لەسەر ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەهێنرێن، بەپێی تایبەتمەندیی بەرووبوومی وەرزەکان و پێداویستیەکانی بازاڕ، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا.
٢. لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە، عەمبارو بەرادی پێویست بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرووبوومانەی دەکرێت هەڵبگیرێن، دابینبکرێن و عەمبارەکانی ناوچەی سوسێ بۆ ئەم مەبەستە وەک هەنگاوێکی خێرا بەکارببرێن و بخرێنەگەڕ.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.
٤. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176